# کەنسڵی شاری لیدز

## بەخێربێن بۆ

# کرێنشینی دەستپێک

## ڕابەرێک بۆ کرێنشینەکانی کەنسڵی شاری لیدز

### ڕێنومایی

گەر تۆ دەتەوێت ئەمە لەگەڵ نوێنەرێکی بەشی دراوسێیەتی و خانووبەرەدا تاوتوێ بکەیت، ئەوا پێویستە پەیوەندی بکەیت بە ئۆفیسی دراوسێی و خانووبەرە The Neighbourhood Housing Office یان بە نێوەندی ڕێنومایی خانووبەرە The Housing Advice Centre.

وەرگێڕاوێکی ئەم گرێبەستە بە کاسێتی دەنگ بەم زمانانە دەستەبەرن:

بەنگالی – کانتۆنێس – پەنجابی – ئوردو

ئەم گرێبەستە دەکرێت بە چاپی گەورە، برایەڵ (نووسین بۆ نابینا)، و بە زمانی کۆمەڵگەکانی تر بە داخوازی دەستەبەرە.

### ئێمە لێرەین بۆ یارمەتی

ئەم ئاگادارنامەیە پێترا دەگەیەنت کە چی دەبێت گەر گرفتێکت لەگەڵ گرێبەستی دەستپێکی خانەنشینیدا هەبوو. ئەمە بۆئەوەیە کە تۆ بزانیت ئێمە مکوڕین لەسەر کۆکردنەوەی کرێخانوو و پاراستنی دانیشتوان لە ڕەوتاری دژە–کۆمەڵایەتی. ئێمە دەزانین کە زۆربەی زۆری کرێنشینانی دەستپێک بەرپرسیان، و بەبێ هیچ گرفتێک بەرەو کرێنشینی پارێزراو دەچن.

هەڵبەت وەک کرێنشینێکی دەستپێک، تۆ هێندەی کرێنشینێکی پارێزراو دەپارێزرێیت. گەر تۆ قوربانی بەدڕەوتاری کەسێکی تریت لە کاتی تاقیکردنەوەکەتدا، ئێمە هاوکاریت دەکەین وەک ئەوەی کە تۆ هەموو ژیانت لە خانووبەرەی کەنسڵدا ژیابیت.

گەر تۆ هەر نیگەرنیەکت هەیە دەربارەی کرێنشینیەکەت، یان دەربارەی هەر بەشێک لە خزمەتگوزاری خانووبەرەکەت، پەیوەندی بە ئۆفیسی خانووبەرەی ناوچەکەی خۆتەوە بکە. ئەوان ئامادەی کۆمەک کردنتن.

### بەخێربێن بۆ خانووی نوێی کەنسڵی شارلی لیدز

وەک کرێنشینێکی کەنسڵی شاری لیدز تۆ ماف و بەرپرسێیت هەیە. دیارە کەنسڵەکەش ماف و بەرپرسێتی هەیە. گرێبەستی کرێنشینیە نوێیەکە هەموو ڕێساکان شرۆڤە دەکات.

ئێمە ئەم ڕێسایانەمان هەیە بۆ ئەوەی دڵنیا بین کە تۆ هەموو کۆمەکەکانی کرێنشینی کەنسڵەکەت وەردەگریت. ئێمە مکوڕین لەسەر پاراستنی تۆ و کۆمەڵگەکەت لە ناحەزی ڕەوتاری دژەکۆمەڵایەتی. ئێمە دڵنیاین کە تۆ دەتەوێت هاوکاریمان بکەیت.

ئێمە دەمێکی تاقیکردنەوە 12 مانگی دەدەین بە هەموو کرێنشینەکانمان بۆ ئەوەی پیشانی بدەن کە دەتوانن گرێبەستی کرێنشینیەکە ڕابگرن، چاودێری خانووبەرەکەی خۆیان بکەن و ئاژاوەش نەنێنەوە لە ناو دراوسێکاندا.

**کرێنشینی دەستپێک**

وەک کرێنشینێکی نوێ تۆ پێویستە گرێبەستێکی دەستپێک واژۆ بکەیت بەرلەوەی بگوێزیتەوە ناو خانووبەرەی کەنسڵ. گەر هیچ گرفتێکت نەبوو لەکۆتایی کرێنشینیە دەستپێکەکەتدا، ئەوا تۆ ئۆتۆماتیکی دەبیتە کرێنیشینی پارێزراو.

ئێمە هیوادارین کە ئەو دەمەی کە لە کرێنشینی دەستپێکدایت بێگرێ بێت و تۆ بەرێوە بیت بۆ کرێنشینی پارێزراو. ئێمە هەردەم لە هەوڵی هاوکاریتداین گەر هەر گرفتێکت هەبوو. بەڵام پێویستە تۆ بزانیت کە چی ڕوودەدات گەر تۆ کرێبەستی کرێنشینی بشکێنیت. ئەم ئاگادارنامەیە، ئەو پرۆسیجەرە ڕاڤە دەکات.

**جۆرەکانی کرێنشینی**

دوو جۆر کرێنشینی کەنسڵ هەیە:

– دەسپێک

– پارێزراو

تۆ وەک **کرێنشینی دەستپێک** دەست بە کرێنشینیەکەت دەکەیت. ئەمە مانای ئەوەیە کە هەموو مافەکانی کرێنشنی پارێزراوت نیە، و ئاسانتر و خێراتر لە خانووبەرەکەت دەردەکرێیت، گەر تۆ گرێبەستی کرێنیشینەکەت بشکێنیت.

**مافەکان**

**کرێنشینی پارێزراو** مافی قانوونی و بەرپرسی (وەک مافی نۆژەنکردنەوەی خانووەکانیان یان بەرپرسی ڕادەستکردنی کرێخانوو). بەڵام، وەک کرێنشینی دەستپێک، قانوون ڕێت پێنادات: خانووی کەنسڵەکەت بکریت؛ کرێنشین ڕابگریت؛ بەشێک لە خانووبەرەکەت بەکرێ بدەیتەوە؛ خانووەکەت نۆژەن بکەیتەوە؛ خانووەکەت بگۆڕیتەوە لەگەڵ کرێنشینێکی تردا؛ یان بگوێزیتەوە بۆ خاوەنماڵێکی تر.

گەر ئێمە بڕیارمان دا دەرت بکەین، ئەوا هێشتا پێویستمان بە مۆڵەتی دادگا هەیە بۆ دەرکردنت، بەڵام ئاسایی مۆڵەت وەردەگرین گەر ئێمە بەپێی پرۆسیجەرەکەمان کرد.

لە بارێکدا گەر پێویست بە درێژکردنەوە بکات، کرێنشینی دەستپێک بۆ 6 مانگ درێژ دەکرێتەوە. گەر بڕیارمان دا دەرت بکەین، پێویستە داوا لە دادگا بکەین بۆ مۆڵەت.

**ڕێنومایی**

گەر ئێمە هەڵوێستێکی لەمجۆرەمان وەرگرت، ئەوا تۆ دەتوانیت ڕێنومای لە بیرۆی ڕێنومای هاووڵاتیان Citizens' Advice Bureau، نێوەندی قانوون law centre نێوەندی ڕێنومایی خانووبەرە housing advice یان پارێزەرێک وەربگریت،

**بوونت بە کرێنشینی پارێزراو**

گەر هیچ گرفتێک لەکاتی کرێنشینی دەستپێکدا نەبوو، تۆ ئۆتۆماتیکی دەبیت بە کرێنشینی پارێزراو لەو ڕۆژەدا کە لەپێشی گرێبەستی کرێنشینیەکەتدا نووسراوە. گەر وابوو، ئێمە نامەت بۆ دەنێرین.

## هەڵوێست وەرگرتن

گەر ئێمە بمانەوێت کرێنشینێکی پارێزراو دەربکەین (بۆ نموونە لەبەرئەوەی کە کرێخانوو نادات، یان ئاژاوە دەنێتەوە لەنێو دراوسێکاندا) ئێمە پێویستە دەرفەتیان بدەینێ کە ئەوانیش ڕای خۆیان دەرببڕن لە گوێبیستی دادگادا. ئەودەم بۆ دادوەرەیە کە بڕیار بدات گەر دەرکردنەکە دەستەبەر بکرێت.

هەڵبەت گەر ئێمە بمانەوێت کە کرێنشینێکی دەسپێک دەربکەین، دەتوانین ئاسانتر و خێراتر بیکەین.

## چاوپێداگێڕانەوە

ئێمە بە نووسین پێت ڕادەگەیەنین گەر بڕیارمان دا دەرت بکەین یان بڕیارمان دا کرێنشینیە دەستپێکەکەت بۆ شەش مانگی تر درێژ بکەینەوە. لەهەر بارێکدا، تۆ دەتوانیت داوای چاوپداگێڕانەوەی کەیسەکەت بکەیت، بەڵام ئەم داوایە دەبێت لە 14 ڕۆژدا بکرێت. ستافی کەنسڵەکە جارێکیتر لە بارەکە دەڕوانێتەوە بۆئەوەی بزانێت کە هەموو کارێک بەدروستی کراوە. هیچ کەسێک لەم ستافە لەوەوبەر دەستیان لە کەیسەکەدا نەبووە.

گەر چاوپێداگێڕانەوەکە بڕیاری دەرکردنەکەی ڕاگرت، یان بڕیاری دا کە کرێنشینی دەستپێکەکەت بۆ شەش مانگی تر درێژ بکرێتەوە، تۆ ناتوانی جارێکی تر داوای پێداهەڵچوونەوە بکەیت. گەر ئێمە بڕیارمان لەسەر درێژکردنەوەی کرێنشینی دەستپێکت دا، ئەوا ئەو کاتەی کە تۆ وەک کرێنشینی دەستپێک بەسەری دەبەیت بۆ شەش مانگی تر درێژ دەکرێتەوە. ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو دەمەی کە تۆ وەک کرێنشینی دەستپێک بەسەری دەبەیت لەبری 12 مانگ دەبێت بە 18 مانگ. کێنشینیەکەت ئۆتۆماتیکی درێژ دەکرێتەوە گەر ئێمە بەپێی پرۆسیجەرەکەمان بکەین و چاوپێداگێڕانەوەکە (گەر داواکرا) بڕیارەکەی ڕاگرت.

بەڵام لەبەرئەوەی کە تۆ ئەم مافەت ئۆتۆماتیکی نیە (وەک ئەوەی کرێنشینێکی پارێزراو هەیەتی)، تۆ دەتوانیت لە ئۆفیسی خانووبەرەی دراوسێکانی ناوچەکەی خۆتدا Neighbourhood Housing Office داخوازی بکەیت بۆ وەرگرتنی کرێنشین (لۆجەر)، بۆژنکردنەوەی خانووبەرەکەت یان گۆڕینەوەی. ئۆفیسی خانووبەرەی دراوسێکان بڕیار دەدات گەر تۆ بتوانیت ئەمانە بکەیت.

## گەر گرفت هەبوو

زۆربەی کەسان بەئاسانی لە کرێنشینی دەسپێکەوە دەپەڕنەوە بۆ کرێنشینی پارێزراو. بەڵام ئێمە دەمودەست لە دژی هەرکەسێک کاردەکەین کە گرێبەستی کرێنشینیەکەیان بشکێنن. ئێمە هەردەم پێشەکی لێی دەپێچینەوە تا گرفتەکان چارەسەر بکەین – بەڵام گەر گرفتەکان جیدی بوون، یان گەر کرێنشینەکان هاوکاری نەکەن لەگەڵ کاری ئێمەدا بۆ چارەسەرکردن، ئێمە هەڵوێستی قانوونی وەردەگرین. ئەو چارانەی کە بۆ ئێمە ئاوەڵان، درێژکردنەوەی کرێنشنی دەستپێکەکەتە بۆ شەش مانگی تر، یان داوا لە دادگا دەکەین بۆئەوەی یەکەوڕاست دەرت بکات. ئێمە بڕیار دەدەین چ چارەیەک بکەین بە لەبەرچاوگرتنی هەموو دەورووبەرەکە. ئێمە بڕیارەکەت پێڕادەگەیەنین.

## کرێخانوو

گرێبەستی کرێنشینیەکەت پێت ڕادەگەیەنێت کە تۆ پێویستە کرێکەت ڕادەست بکەیت، و کە لەکاتی خۆشیدا ڕادەستی بکەیت. گەر چوار هەفتە دوابکەویت، ئێمە پەیوەندیت پێوە دەکەین. ئێمە وردەبینەوە لەوەی کە تۆ هەموو کۆمەکەکانت وەردەگریت و ڕێکدەکەوین لەسەر ئەوەی کە پووڵەکەت بۆ ڕادەستبکەین بە بڕی ڕێکوپێک لەسەر کرێ هەفتانەکەتەوە.

بەڵام ئێمە هەڵوێستی قانوونی وەردەگرین گەر قەرزداری گەیشتە هەشت هەفتە – یان تەنانەت زووتر لە هەندێک باردا. ئەو چارانەی کە بۆ ئێمە ئاوەڵان، درێژکردنەوەی کرێنشنی دەستپێکەکەتە بۆ شەش مانگی تر،

یان داوا لە دادگا دەکەین بۆئەوەی یەکەوڕاست دەرت بکات. ئێمە بڕیار دەدەین چ چارەیەک بکەین بە لەبەرچاوگرتنی هەموو دەوروبەرەکە. ئێمە بڕیارەکەت پێڕادەگەیەنین.

**ڕەوتاری دژەکۆمەڵایەتی**

ئێمە پێویستە کە کۆمەڵگەکەت و خانووبەرەی کەنسڵەکە بپارێزین. خۆ گەر کەسێک پێمان ڕابگەیەنێت کە تۆ دژبەکۆمەڵایەتی ڕەوتارت کردووە، ئەو ئێمە سەرومڕ لێی دەپێچینەوە: گەواهی کۆدەکەینەوە، لەگەڵ گەواهەکاندا دەدوێین و لەگەڵ پۆلیسیشدا دەدوێین. گەر ئەم لێپێچینەوەیە سەلماندی کە سکاڵاکە زەمینەدارە ئەوا ئێمە هەڵوێست وەردەگرین. گەر گرفتەکە ساکار بوو، ئەوا داوات لێدەکەین کە ڕەوتار خۆت بگۆڕیت و ناوبژیکارێکی پسپۆڕیش دەخەینە بەینەوە.

ئێمە هەروەها کرێنشینی دەسپێکت بۆ دەمی شەش مانگ درێژدەکەینەوە تا بزانین ئایا ڕەوتارت دەگۆڕێت. گەر نەگۆڕایت، ئەوا داوا لە دادگا دەکەین دەرت بکات.

بەڵام گەر تۆ هاوکاری نەکەیت، یان گەر کارەکانت زۆر دژەکۆمەڵایەتی بوون (وەک توندوتیژ نواندن و هەراسانکردنی ڕەگەزپەرستانە)، ئەوا دەرفەتی دووەمت نادرێتێ. ئێمە هەڵوێستی دەمودەست وەردەگرین بۆ دەرکردنت.

## زۆر گرنگە کە تۆ لەیادی نەکەیت کە تۆ تەنیا بەرانبەر کارەکانی خۆت بەرپرس نیت ...

ئێمە هەڵوێست دژی تۆ وەردەگرین گەر ڕەوتاری دژەکۆمەڵایەتی لە کەسێکەوە سەرچاوەی گرت کە لەگەڵ تۆدا دەژی یان میوانتە لە ماڵی خۆتدا. مەرجیش نیە کە ئاژاوەکە لە کوێ ڕوودەدات – لە ماڵەوە، لە دەرەوە، یان لەهەر جێیەکی نزیک.

**دەوروبەری تر**

ڕەنگە دەوروبەری تر هەبێت کە ئێمە بمانەوێت هەڵوێست لە دژی تۆ وەربگرین و دەرت بکەین. ئەمە ئەو بارانەش لەخۆ دەگرێت کە تۆ گرێبەستی کرێنشینیەکەت دەشکێنیت. تۆ پێویستە گرێبەستی کرێنیشینەکەت بخوێنیتەوە و دڵنیابیت کە تۆ بەپێی دەڕۆیت.

هەروەها دەشکرێت کە ئێمە پێویست بکات بتگوێزینەوە لە خانووبەرەکەتدا چونکە پێویستی بە کاری بنەچەیی هەیە یان پێویست بکات بڕوخێنرێت. هەڵبەت لەم بارانەدا، ئێمە خانووبەرەیەکی گونجاوی ترت پێدەبەخشین.